کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
5-2-2007 20:05 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## یەکگرتوو لەبەردەم ئەنفلۆنزای پارتی و یەکێتی ... هۆگر غەریب خۆشناو

وا (13) ساڵ بەسەر تەمەنی ئیعلانکردنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستاندا تێدەپەڕێت و هەر حیسابی حیزبێکی تازە لەدایکبووی بۆ دەکرێت، بەردەوام پەراوێز و کەنارگیر دەکرێت و یەکگرتووش بە حیساب حەکیمانە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا دەکات و نایەوێت دڵی شکاوی پارتی و یەکێتی لێ بڕەنجێ و بارودۆخەکە تێك بچێت، بەشداریی لە سێ کابینەی حکومەتدا کردووە، کەچی لە دوو وەزارەتی دەسەڵات سنورداری کارەکانی سنودار و لە چوارچێوەیەکی بازنەییدا دەسوڕێتەوە و خۆی دەبینێتەوە لەبەشدارییەکی ڕەمزی و لە هەمان کاتیشدا وەهمی! دەمامکی ئۆپۆزسیۆنی کارایان لێ سەندۆتەوە و ڕەمزی دوو وەزیریان بە یەکگرتوو داوە، کەچی هەر دەڵێت باشە، لە هەڵبژاردنەکانی (12/15) کاتێك نیەتی لیستی سەربەخۆی هێنا و ڕایگەیاند کە بە سەربەخۆ و بە جیا بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکات کەچی لوولەی تفەنگی ئاراستە کرا و بە بەرچاوی دونیاوە چەند ئەندامێکی شەهید و بریندار کرا و نزیکەی (10) بارەگای سوتێنرا و پاشان تالان کرا و بە ڕۆژی ڕووناك ئازادی و دیموکراسیەتی کوردی لەسێدارە درا و خنکێنرا، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت دان بەوەدا نەهێنرا کە بۆ لەبەر چی و کێ ئەو تاوان و ڕەشەکوژییەی کرد و داوای لێبوردن نەکرا، پێم سەیرە کاتێك دەبینم لە بەردەم هێزێکی بێ چەك و میلیشیای وەك یەکگرتوو تەقەی لێ دەکری بەردەوام تۆمەتبار دەکرێت بە لادان و ڕێکەوتن لەگەڵ عەرەبی سوننە و لەباربردنی ئەزموونی کوردی، لە کاتێکدا خۆیان ئەزموون و خاك و ئایندەشیان ڕەش و نادیار کردووە و دەیانەوێت دەستی سوور و چەوری خۆیان بەسەر ئەندامە چالاکەکانی یەکگرتوودا بسڕنەوە و ناو و خزمەت و کار و ئەندامانی بخەنە زبڵدانەوە.

حەقیقەتێك هەیە نازانم چەندە سەرکردایەتیی یەکگرتوو دەرکی پێ کردووە، ئاخۆ دەزانن ئێستا حیزبەکەی یەکگرتوو لەژێر هەڕەشەدایە، بەردەوام پەراوێزخستن لە مەسەلە سیاسی و چارەنووسسازەکان و تەسککردنەوەی بواری بیرکردنەوە و قسەکردن لەلایەن دەسەڵاتەوە پاشانیش تەهمیشکردن و کەمکردنەوەی نفوزی یەکگرتوو لە هەڵبژاردنەکان کە شێوەی تەزویر و ساختە و یەکگرتووش دەیەوێت هێمنانە بەرەو ئاسۆ هەنگاو بنێت لە کاتێکدا ئایندەی لە هەڕەشەدایە.

ئەگەر چاوێك بە مامەڵەی ئەو دوو حیزبەدا بخشێنین لە دوای هەڵبژاردنەکانی (2005/12/15) دەبینین زۆر عاقڵانە و هێمنانە دەیانەوێت بەدەستبەسەرداهێنان و ڕازیکردن بە بەشداری لە پەرلەمان و حکومەت بە بەشداریی ڕەمزی و بوارنەدان بە موعارەزەیی و گرتن و ئازار و ڕاوەدوونانی ئەندامانی یەکگرتوو بتاوێننەوە.

یەکگرتووش لە بەرامبەریدا دەیەوێت (نە شیش بسوتێ و نە کەباب) موعارەزەیەکی بەشداری حکومەت بێت، بەڵام ئەگەر سەیری پەرلەمان و حکومەت بکەیت دەبینین ئەنفلۆنزای بێدەنگی و دەست هەڵبڕین دوچاری نوێنەرانی یەکگرتووش دەبێتەوە.

لێرەوە پرسیار ڕووبەڕووی سەرکردایەتیی یەکگرتوو دەبێتەوە، ئاخۆ چارەسەری ئەو ڤایرۆس و میکرۆبانەی کە ڕووبەڕووی دەبنەوە چۆن دەکات و چی لە هەگبەدایە لە ئاست تۆمەتبارکردن و ناوزڕاندنی یەکگرتوو لەلایەن و لە کادیری و پێشکەوتوو سەرکردەی حیزبی ئەم دوو حیزبە دەبێت وەڵام یان بەرپەرچدانەوەی چی بێت.

یەکگرتوو دەیەوێت ساڵانە هەر بە دەرکردنی بەیاننامە و ئاهەنگگێڕان و بەرزکردنەوەی چەندین دروشمی پڕ مانا یادەکەی بکاتەوە، یان دەیەوێت بە بەرنگاریی گەندەڵی و دابینکردنی خزمەتگوزاری ئیزافەیەکی تر بخاتە نێو ساحەی مەنگی سیاسیی کوردی..؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.